

# خۆزگەی گچکەکان گەورەکان

ئامادەکردنی: سامان عەزیز



**تلین ئاسۆس**
**٥ ساڵ.**

خۆزگە ئەخوازم ببمە یاریزانێکی لێهاتووی مەلەوانی.



**زەهرا سەفین**
**٥ ساڵ.**

کە گەورەبووم، ئەمەوێ ببمە ئەندازیار.



**لانە ئیدریس**
**٥ ساڵ.**

خۆزگە کە گەورەبووم ببمە مامۆستا، تا منداڵان فێرە خوێندەواری بکەم.



**سازان شێردڵ**
**٧ ساڵ .**

خۆزگەی دوارۆژم ئەوەیە ببمە دکتۆر تا نەخۆشان چاک بکەمەوە.



**ژیان یاسین**
**٣٠ ساڵ.**

کە منداڵ بووم حەزم ئەکرد ببمە مامۆستای بیرکاری، ئێستاش لەقوتابخانەی مامەجەلکە مامۆستای بیرکاریم.



**شوکر حوسێن.**
**٣٤ ساڵ.**

بە مندالی خۆزگەم ئەخواست ببمە دکتۆری ددان، تا خەڵکی لەژانی ددان رزگاربکەم، بەڵام باش بوو، بوومە ئەندازیار و ئێستا زۆر لە کارەکەم رازیم.



**سەردار قادر**
**٣٥ ساڵ.**

کە منداڵ بووم خۆزگەم ئەوە بوو ببمە ئەکتەرچونکە ئەم بەهرەیەم هەبوو، بەڵام کۆلیژی قانونم تەواو کرد و ئێستا کاری پارێزەری ئەکەم.



**کامیران عبدالکریم**
**٣٤ ساڵ.**

کە منداڵ بووم خۆزگەم ئەوە بووببمە ئەفسەری پۆلیس، بەڵام کە گەورەبووم.. بوومە بەڕێوەبەری کارگێڕی بنکەی چارەسەری دەروونی لە دهۆک و بەم کارەوە دڵخۆشم.